بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الحَمْدُ للَّه نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ به مِنْ شُرُور أَنْفُسنا مَنْ يَهْد اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ وأشْهَدُ أنْ لا إلهَ إلاَّ اللَّهُ وأشْهَدُ أَنَّ مُحمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. أَمَّا بَعْدُ ...

**باوەڕداری خۆشەویست:** خوای پەروەردگار کە ئادەمیزادی لەنەبوونەوە هێناوەتە بوون، زاناشە بەوەی کام لەبەندەکانی وەکو پێویست بەندایەتی بۆ ئەکات و لێی ئەترسێت، مرۆڤی باوەڕدار زۆرجار کە قورئانی پیرۆز ئەخوێنێت ئەبینێت کە خوای پەروەردگار ئەو سزاو ئەشکەنجانە دووبارە ئەکاتەوە بۆ ئەوکەسانەی کە بەردەوامن لەسەر تاوان و سەرپێچیکردن.

جا هەرکەسێك ژیربێت وبیر بکاتەوە لەوسزایانەی کە باسکراوە لەقورئانی پیرۆزدا، ئەوا دور ئەکەوێتەوە لە هەموو ئەو کاروو کردەوانەی کە ئەبنە هۆی سزادانی ئادەمیزاد لەدواڕۆژدا، وە لەترسی پەروەردگار فرمێسك بەچاوەکانیدا دێتە خوار، بێگومان ترسان لە سزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆچوونە بەهەشت، وە هۆکارێکیشە بۆ بەردەوام ببون لە سەر ڕێگەی ڕاستی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە هۆکارە بۆ قەبووڵ بوونی پاڕانەوە، وە هۆکارێکیشە بۆ دوورکەوتنەوە لەتاوان و سەرپێچی، بە دڵنیلیی ترسان لە سزای پەروەردگار فەزڵ و پاداشت گەلێك زۆری هەیە کە لە دونیاو دواڕۆژدا سەرفرازییە...

خوای پەروەردگار لەو کەسانەمان بگێرێت کە لە ترسی پەروەردگاریان فرمێسك بەچاوەکانیاندا دێتەخوار.



**یەکەم: ترسان لەسزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەتاوان وسەرپێچی.**

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت:

﴿ قُلْ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُ وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ﴾(الأنعام: ١٥-١٦)

واتە: بڵێ ئەی محمد (ﷺ) بەڕاستی من زۆر لەسزای ڕۆژێکی گەورە ئەترسم کە سزای ڕۆژی قیامەتە، ئەگەر یاخی بم لە فەرمانی پەروەردگارم، هەرکەسێك لەوسزایە دەربازبێت لەوڕۆژەدا، ئەوا بەڕاستی خوای پەروەردگار ڕەحمی پێکردووەو شایستەی مهرەبانی ئەو بووە، ئەو دەربازبوونە سەر فرازییەکی ئاشکرایە.

**دووەم: ترسان لەسزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ دڵ پاکیی ودڵسۆزی لە کردەوەدا.**

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت:

﴿ إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلَا شُكُورًا إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوْمًا عَبُوسًا قَمْطَرِيرًا﴾ (الإنسان: ٩-١٠).

واتە: بە دڵنیایی ئێمە ئەم خۆراکەتان تەنها لەبەر خاتری خوای پەروەردگارو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو پێدەبەخشین، نە پاداشتمان لێتان ئەوێت وە نەسوپاس،

وە ئەڵێن: بۆیەئەم کارە ئەکەین چونکە لە ڕۆژێکی تاڵ و تاریك و ناخۆش ئەترسین، کە پەروەردگارمان پێش ئەهێنێت.



**سێ یەم: ترسان لەسزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ تام و چێژ وەرگرتن لە پەرستشدا وە بە پلە بەرزبوونەوە.**

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت:

﴿تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ (السجدة: ١٦).

واتە: ئەو باوەڕدارە بەختەوەرانە نێوانیان خۆش نییە لە گەڵ ڕاکشان لەجێگەی گەرم و خۆشدا، لەشەواندا بەنوێژو خواپەرستی بەشێکی شەو بەسەر ئەبەن، هەمیشە نزاو پاڕانەوەیان ڕوو بە پەروەردگاریان، لە خەشم و قین و دۆزەخ ئەترسن، ئاواتی ڕەزامەندیی و بەهەشتیان هەیەو لە ڕزق و ڕۆزی و توانایی و زانیاریەی پێ یان بە خشیوون ئەبەخشن.

**چوارەم: ترسان لەسزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ قەبوڵ بوونی پاڕانەوە.**

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت:

﴿ وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ﴾

(الأعراف: ٥٦). واتە: هاناو هاوار بۆ خوای پەروەردگار بەرن، لەترسی سزای دۆزەخ و بەئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەڕاستی ڕەحم و بەخشندەیی پەروەردگار نزیکە چاکە کاران و چاکە خوازان.

**پێنجەم: ترسان لەسزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ سودو کەڵك وەرگرتن لە قورئانی پیرۆز.**

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویێت:

﴿فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ﴾( ق: ٤٥) واتە: ئەی محمد(ﷺ) تۆ تەنها ئەوەت لەسەرە کەبە قورئان بیری ئەوکەسانە بکەیت کە لە هەڕەشەو سزای ئێمە ئەترسن.

**شەشەم: ترسان لەسزای پەروەردگار هۆکارێکە بۆسەرکەوتن وزاڵ بوون بەسەر ستەمکاردا.**

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت:

﴿قَالَ رَجُلاَنِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُواْ عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ (المائدة: ٢٣). دووکەس لەوانەی کە ترسی خوای پەروەردگاریان لە دڵدا بوو و پەروەردگار نازوونیعمەتی باوەڕ و دڵنیایی تەواوی پێ بەخشیبوون ، ووتیان: لە دەروازەی شارەوە بچنە سەریان و( یەك هێرشی گەورە بەر) هەر کەچوونە ئەو دیوەوە، ئەوا بەدڵنیایی ئیتر ئێوە سەرکەوتوون،(دووژمنتان شکست ئە هێنێت) جا بۆ بەدەست هێنانی ئەو سەرکەوتنە ئەبێت بەتەواوی پشت بەپەروەردگار ببەستن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن.

لەئایەتێکی تردا پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿وَلَنُسْكِنَنَّـكُمُ الأَرْضَ مِن بَعْدِهِمْ ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ﴾ ( إبراهيم: ١٤) واتە: بەدڵنیایی نیشتە جێتان ئەکەین لەو وولاتەدا لەدوای ئەوان، ئەوەش بۆ هەموو ئەوکەسانەیە کە لە وەستان لە بەردەم دەسەڵاتی مندا ئەترسن و لە سزاو هەڕەشەکانی من ترسیان هەیە.

**حەوتەم: هەرکەسێك بترسێت لە وەستان لە بەردەم دەسەڵاتی پەروەردگار دووباخی ڕازاوەی بۆهەیە.**

لەئایەتێکی تردا پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ﴾ واتە: هەرکەسێك بترسێت لە وەستان لە بەردەم دەسەڵاتی پەروەردگار ئەوا دووباخی ڕازاوەی بۆهەیە.



**لەکۆتایدا... ئەمە گوڵ بژێرێك بوو لە پاداشت و گەورەیی ترسان لە خوای پەروەردگار داواکارم لە پەروەردگار ترسی خۆی بکاتە دڵەکانمانەوە، بە ڵکو لەو هەمووخێرو فەزڵ و پاداشتە بێ بەش نەبین، وە داواکارم لە خوای پەروەردگار لە بەهەشتە پڕنازوو نیعمەتەکەیدا کۆمان بکاتەوە.**

هاوەڵی خۆشەویست (أبي هريرة) (رضي الله عنه) ئە فەرمووێت:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:

(سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل إلا ظله... و رجل ذكر الله خاليا ففاضت عيناه و رجل دعته امرأة ذات منصب و جمال فقال : إني أخاف الله رب العالمين).

واتە: حەوت کۆمەڵ هەن لەژێر سێبەری پەروەردگاردان لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نییە جگە لەسێبەری پەروەردگار ..... وە پیاوێك ئەگەر تەنها بێتەوەو یادی پەروەردگاری بکات فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوار، وە پیاوێك ئافرەتێکی جوان و خاوەن سامان داوای کاری بێ شەرعی لێ بکات پیاوەکەش بڵێت: من لە خوای پەروەردگار ئەترسم.

رواه البخاري (٦٦٠) ومسلم (٢٣٧٧).

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

**ژمارە سپاردنی ( ٢٢٠٦ ) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە**



**زنجیرە ڕێنماییەکانی توێشووی دواڕۆژ ( ٢ )**

# پاداشت و گەورەیی ترسان لە خوای پەروەردگار

**ئامادەکردنی**

**م. أبوبكر أحمد قادر**

www.ba8.org سایتی بەهەشت

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ